# بڕینی مەوادی خۆراکی، پێویستی بە هاتنەمەیدانە بۆ دابینکردنی گوزەران!

## جەماوەری بەشمەینەتی عیراق!

برینی ئەو مەوادە خۆراکیە کەمو کورتو خراپەی کە چەندین سالە بە شیوەی مانگانە بەسەر هاولاتیاندا دابەشکراوەو بەشیکی سەرەکی ژیانی کولەمەرگی خەلکی پیدابینکراوە، یەکیکە لە دەسکەوتەکانی ئەم خەلکە لەسایەی ئەوانەی بە سواری دەبابەکانی ئەمریکا دەستیان بەسەر داهاتی وولاتدا گرتووە. 5-4 مانگە مەوادی خۆراکی بەسەر خەلکدا دابەشنەکراوە، لە دەمیك پیشتریشەوە ئەو مەوادانە بە کەمو کورتی دابەشکراون، بەبێ ئەوەی هیچ روونکردنەوەیەك بۆ خەلك بدریت. ئیستا بەشیوەی غەیرە رەسمی پروپاگەندەی ئەوە بلاوبوەتەوە کە بە یەکجاری ئەو مەوادانە دەبرن.

برینی مەوادی خۆراکی گرانی کەمەرشکینی بەوپەری خۆی گەیاندوە، نرخی مەوادە سەرەکیە خوارکیەکان لە بازاردا چەند بەرابەر چوەتەسەرەوەو لە ئاستی توانای کرینی جەماوەری بەرینی خەلکی هەژارو نەدار دەرچووە. لە وولاتیکدا کە بەسەر دەریای نەوتەوەیە، لە کاتیکدا رۆژانە میدیاکانی دنیا باسی ناردنەدەرەوەی بە لیشاوی نەوتی عیراق دەکەن، جەماوەریکی بەرینی ملیونی بەدەست کابوسی برسیتیو محتاجی بۆ سەرەتاییترین پیداویستیەکانی ژیانو نانی رۆژانەوە گرفتارن. ئەوانەی ئەمرۆ نانو ئاوی خەلکیان لەلایەن ئەمریکاوە بە کۆنتەرات پێسپیردراوە، تا دوینی دەیانگوت عیراق کۆمەلگایەکی زۆر دەولەمەندو بەرهەمهینەریکی گەورەی نەوتە، ئەگەر رژیمی صدام نەمینێ کە یاری بەم داهاتە دەکاتو بۆ بەریخستنی شەرو دەزگای سەرکوتو کۆشكو تەلارەکانی خۆی خەرجی دەکات، گوزەرانی خەلکی ئەم کۆمەلگایە لە بەرزترین ئاستدا دابین دەبیت. بەلام ئەمرۆ هەر ئەو جەنابانە تەنانەت ئەو برە مەوادە بیکەلكو کەمو کورتەشیان بریوە کە رژیمی فاشیستی صدام بە خەلکی رەوا دەبینی.

لە راستیدا ئەو مەوادی خوراکیەی کە بە خەلك دەدرا، بە تایبەتی لە دەورانیکەوە کە حصاری ئابوری بەسەر عیراقدا داسەپینرا و پاشان کە بەرنامەی نەوت بەرامبەر خۆراك هاتەکایەوەو تا ئاخرین وەجبەی، ئەوەندە بی کەلكو خراپ بوو کە شایستەی خۆراکی بەشەر نەبوو. نیوەی ئەو نەخۆشیە بەربلاوانەی کە بە جەستەی دانیشتوانی ئەم وولاتەدا بلاوبوەتەوەو بە لیشاو راپیچی مەرگیان دەکات، کاریگەری برنجو رۆنی بەسەرچوو خراپی ئەوتۆیە کە جگە لە بازاری ئەم مەملەکەتە لە هیچ بازاریکی تری جیهاندا نابینرێ. لە واقعدا ئەم مەوادی خۆارکیە کە لەوپەری ناچاریدا بۆ خەلك مایەی ژیانیکی کولەمەرگیو پرنەخۆشی بوو، بۆ دەسەلاتدارانو کۆنتەراتچیانی دەستو پیوەندی خۆیان سەرچاوەیەکی زۆر گەورەی کەلەکەی سەرمایە بوو. بە نرخی باشترین مەواد لەسەر بەنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراك حیسابیان دەکردو خراپترین مەوادی بەسەرچوو قاچاغیان دەگەیاندە دەستی خەلك.

ئیستا فرسەتیان هیناوە ئەوەشیان بریوە. ئەم دەستدریژکردنە بۆسەر سفرەی خالی خەلك، تەنها بەوە تەواو نەبووە کە ژیانی کولەمەرگیو برسیتیو بیدەرتانی خەلك سەختتربکەنەوە، بەلکو لەسەراسەری وولاتدا دەیان هەزار خیزانی دیکەش کە گوزەرانیان لەسەر دابەشکردنی ئەم مەوادە بەریوەدەچوو، بیکارو بی نان بوونو کرێ دوکانی بەلاش دەدەن.

## جەماوەری برسیو بیدەرەتان!

هەموو تەجروبە یەك لەدوای یەکەکەکان، رۆژانە ئەو راستیە دوپات دەکەنەوە کە هەر جۆرە خۆشباوەریو ئومیدەواریەك بەم دەستەوتاقمانەی کە نانو ئاوی خەلکیان بە کۆنتەرات لە ئەمریکا وەرگرتوە، جگە لە بەدبەختی هیچ ئەنجامیکی تری نابیت. ئەوەی کە هیچ بایەخیکی لای ئەمانە نەبیت، ژیانو گوزەرانی خەلکە. ئەمە هەرزانترین کالایە لای ئەوان. پولو داهات بۆ دیوەخانو کۆشكو تەلارو ژیانی شاهانەو دامو دەزگاکانی خۆیان وەکو دەریایەکی بێبن وایە، بەلام ئەم دەریایە بە دلۆپەش دەمی خەلك تەرناکات.

هەرەشەی برسیتی رۆژ لەرۆژ زیاتر فشار بۆ جەماوەری خەلك دەهینێ، بیکارانی ئەم وولاتە لەشکریکی بیشومارن، ئەوانەش کە لەسەر کارن مانگانەکەیان بەشی کرێ خانو ناکات، نرخی کەلو پەل بە شیوەیەکی سەرسورهینەر لەبەرزبونەوەدایە، لەم کاتەشدا برینی مەودای خۆراکی هیچ مانایەکی نیە جگە لە دانی حوکمی برسیتی موتلەقو مەرگی تەدریجی بەسەر جەماوری ملیونیدا. هیچ ریگایەکیش بۆ وەستانەوە دژی ئەم حوکمە لە ئارادا نیە، جگە لە ئیرادەکردنو هاتنەمەیدان بۆ دەرهینانی نانی رۆژانە لە قورگی ئەم تالانچیانە.

## جەماوەری برسیو مەحروم!

چاوەروانو دەستەوئەژنۆ دامەنیشن، خوشباوەری بە بەبەزەییو دلسۆزی ئەم چاوچنۆكو تالانچیانە تورهەلدەن، ریزو دەنگی خۆتان بکەن بەیەكو بە ریزی ملیونی وەرنەمەیدانو ئیرادەی خۆتان بەگەربخەن. ئەمە نەبەردیکی گەورەی خەباتی جەماوەری برسیەکانە لە پیناو گوزەرانو نانو بژیوی رۆژانە. تەنها ئەمە دەتوانی ئەم کابوسە لەسەر دلی ئیمە هەلگرێ. خواستی ئەم خەباتە تەنها گەرانەوە بۆ دۆخی جارانو ریزبەستن بۆ برنجو رۆنی

بەسەرچوو نیە، بەلکو خەباتە لە پیناو ژیان و گوزەرانیکی شایستە بە ئینسان. (یان دابەشکردنی مەوادی خۆراکی هەمە جۆرەو پیویست لە باشترین مەوادەکانی بازار بە شیوەیەکی ریك وپیکی مانگانە، یان دانی بری پارەی پیویست بۆ کرینی ئەو مەوادە خۆراکیانە.)

ئەمە لانی کەمی خواستیکە کە دەبێ لەبەرامبەر ئەم کیشە تایبەتەدا ببێتە ئالای خەباتی جەماوەری. لەم خواستە مەیەنە خوارەوە، ئەمە مافیکی سەرەتایی خەلکی ئەم کۆمەلگایەیە کە جیکەوتوەو تەنانەت رژیمی فاشیستی بەعسیش لە گەورەترین قەیرانە ئابوریەکاندا نەیتوانیوە ئینکاری لیبکات. ریزی خۆتان یەکبخەن، بەریزی ملیونی لە مال و گەرەك بەدەرکەون و لەشکری بێ ئەوپەرتان بهیننە سەر شەقامەکان و نانی بەتالانبراوی خۆتان و مندالەکانتان لە قورگی دەسەلاتدارانی تالانچی دەربهینن. حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق بە هەموو تواناوە لە سەنگەری پیشەوەی ئەم خەباتە رادەوەستێ و پشتیوان و رابەرو رینیشاندەری خەباتتانە.

بژی خەباتی جەماوەریی لەپیناو دابینکردنی گوزەران!

ریبوار ئەحمەد

سکرتیری کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق

2005/6/5